# وانەی ٧٩: عیسا دەچێتە ناو ئۆرشەلیم

لۆقا ١٨–٢٠

لە وانەی ڕابردووماندا، بینیمان چۆن پەروەردگار عیسا لاشەیەکی مردووی هەڵساندەوە ژیان کەوا لە گۆڕ بوو بۆ ماوەی چوار ڕۆژ. هێزی مردن کێشەیەك نەبوو بۆ عیسا، لەبەر ئەوەی خۆی هەڵساندنەوە و ژیان بوو و هەڵسانەوە و ژیانە. ئەمڕۆ پلانمان وایە بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ئینجیل بۆ ئەوەی ببینین چۆن عیسا چووە ناو ئۆرشەلیمەوە بۆ ئەو شارەی لێی دەکوژرێ. عیسا هەموو شتێکی دەزانی کەوا بەسەری دێت. دەیزانی سەرکردە ئایینیەکانی جولەکە دەیدەنە دەستی ڕۆمانیەکان کەوا ئازاری دەدەن و لە خاچی دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو زانیارییە ڕێگای لێ نەگرت بچێتە ئۆرشەلیم. سەبارەت بەم شتە، ئینجیل دەفەرموێ: کە ڕۆژانی بەرزکردنەوەی نزیکبۆوە، ڕووی خۆی چەسپاند تا بەرەو ئۆرشەلیم بڕوات. (لۆقا ٩: ٥١) کاتێ ڕێی دەکرد بەرەو ئۆرشەلیم، عیسا بە قوتابییەکانی فەرموو، (باپتیزەی ئازارم هەیە دەبێ پێیدا ڕەت بم، چەند ناڕەحەتم تاکو تەواو دەبێت.) (لۆقا ١٢: ٥٠)

بۆچی عیسا ڕووی خۆی چەسپاند تا بەرەو ئۆرشەلیم بڕوات؟ ئەو وای کرد تاکو خۆی بداتە دەستی ئەوانەی ویستیان بیکوژن! ئەم سەرنج ڕاکێشە! ئەگەر تۆ بزانی لە شارێکدا خەڵکەکە دەیانەوێ ئازارت بدەن و بتکوژن، ئایا ڕووی خۆت دەچەسپێنێ و بچیتە ئەو شارە؟ ئەمە ئەوەیە کە عیسای مەسیح ئەنجامی دا. عیسا دەیزانی کە هۆی لەدایك بوونی ئەو بۆ ئەوەیە بمرێ وەك قوربانی لەباتی گوناهی جیهان. عیسا نەهاتە جیهانەوە بۆ ئەوەی بەدوای خۆشی خۆی بکەوێ، بەڵکو بۆ ئەوەی نووسینەکانی پێغەمبەران جێ بەجێ بکات کە زۆر لەوە پێش دەربارەیان نووسی بوو: کەوا مەسیح ئازار دەکێشێ و خوێنی خۆی دەڕێژێ لە دەرەوەی ئۆرشەلیم لەسەر ئەو چیایەی ئیبراهیم بەرانەکەی کردە قوربانی لەباتی کوڕەکەی. دەبوایە هێمای نیشاندەری قوربانی بەران لە عیسادا جێ بە جێ بکرێ. لەبەر ئەوە بوو عیسا بەرەو ئۆرشەلیم ڕۆیشت، ئەو شارەی کە بۆ ئەو وەك چاڵێکی پڕ لە شێری برسی و چاوەڕوانی نیچیرێك بکەن بوو.

ئێستاش با بەردەوام بین لە دیراسەتی پەرتوکی ئینجیل. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: بە ڕێگاوە بۆ ئۆرشەلیم سەردەکەوتن، عیسا پێشیان کەوتبوو، قوتابییەکانیش سەرسام ببوون، ئەوانەی دوای دەکەوتن دەترسان. دیسان دوازدەکەی دابڕی و دەستی پێکرد پێیان بفەرمووێ کەوا چی بەسەردێت. (مارقۆس ١٠: ٣٢) ئەوا سەردەکەوینە ئۆرشەلیم، هەرچی پێغەمبەران لەبارەی کوڕی مرۆڤەوە نووسیویانە دێتە دی. (لۆقا ١٨: ٣١) کوڕی مرۆڤ دەدرێتە دەست کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات، بڕیاری مردنی دەدەن، دەیدەنە دەست نەتەوەکان، [٣٤] گاڵتەی پێ دەکەن و تفی لێدەکەن و بە قامچی لێی دەدەن و دەیکوژن. لە ڕۆژی سێیەمیش هەڵدەستێتەوە. (مارقۆس ١٠: ٣٣، ٣٤)

(لۆقا ١٨) [٣٤] بەڵام (قوتابیەکان) هیچ لەمە تێنەگەیشتن و ئەم باسە لێیان شاراوە بوو، ئەوەی وترا درکیان پێی نەکرد. [٣٥] کاتێ عیسا لە ئەریحا نزیکبۆوە، کەسێکی نابینا لەسەر ڕێگا دانیشتبوو سواڵی دەکرد. [٣٦] کە گوێی لە خەڵکەکە بوو دەڕۆیشتن، پرسیاری دەکرد ئەمە چییە. [٣٧] پێیان وت: (عیسای ناسیرەیی لێرەوە تێدەپەڕێت.) [٣٨] جا هاواری کرد: (عیسای کوڕی داود، بەزەییت پێمدا بێتەوە!) [٣٩] پێشڕەوان لێیان ڕاخوڕی تاکو بێدەنگ بێت، ئەویش زۆر زیاتر هاواری کرد: (کوڕی داود، بەزەییت پێمدا بێتەوە!) [٤٠] عیسا ڕاوەستا و فەرمانی دا بیهێننە لای. کاتێ نزیکبۆوە ، لێی پرسی: [٤١] (چیت دەوێ بۆت بکەم؟) وتی: (گەورەم، ببینم.) [٤٢] عیساش پێی فەرموو: (ببینە، باوەڕت چاکی کردیتەوە.) [٤٣] یەکسەر بینییەوە، دوای کەوت و خودای شکۆدار دەکرد. هەموو خەڵکەکەش کە بینییان ستایشی خودایان کرد.

(مەتا ٢١) [١] کاتێ لە ئۆرشەلیم نزیک بوونەوە، گەیشتنە بێتفاجی لای کێوی زەیتوون، عیسا دووان لە قوتابییەکانی نارد و [٢] پێی

فەرموون: (بڕۆنە ئەو گوندەی بەرامبەرتان، یەکسەر ماکەرێک دەبینن بەستراوەتەوە، جاشکەکەی لەگەڵە. بیکەنەوە و بۆ منیان بهێنن. ٣ ئەگەر یەکێک شتێکی پێ وتن، دەڵێن: خوداوەند پێویستی پێیانە، ئەویش یەکسەر دەیاننێرێت.) ٤ ئەمەش ڕوویدا تاکو ئەوەی بەهۆی پێغەمبەرەکە وتراوە بێتە دی کە دەفەرمووێ: ٥ {بە کچەکەی سییۆن بڵێن، ئەوەتا پاشاکەت دێتە لات، دڵنەرمە و سواری ماکەرێک و جاشی ماکەرێک بووە.}

٦ قوتابییەکان ڕۆیشتن و وەک عیسا فەرمانی پێدابوون، کردیان. ٧ ماکەر و جاشکەکەیان هێنا، بە کەوایەکانیان کورتانیان کردن و عیسا سواربوو. ٨ حەشاماتێک کەوایەکانیان لەسەر ڕێگاکە ڕاخست. خەڵکی دیکە لقیان لە دار دەبڕییەوە و لەسەر ڕێگاکە ڕایان دەخست. ٩ ئەو خەڵکەی لەپێشی دەڕۆیشتن و ئەوانەش کە دوای کەوتبوون، هاواریان دەکرد: (هۆسانا بۆ کوڕی داود!) {ستایشکراوە ئەوەی بە ناوی خوداوەندەوە دێت!} (هۆسانا لە بەرزایی!)

(لۆقا ١٩) ٣٩ هەندێک فەریسی نێو خەڵکەکە، بە عیسایان وت: (مامۆستا، لە قوتابییەکانت ڕاخوڕە.) ٤٠ وەڵامی دایەوە: (پێتان دەڵێم: ئەگەر ئەوانە بێدەنگ بن، بەرد هاوار دەکەن.) ٤١ کاتێ نزیکبۆوە و شارەکەی بینی، بۆی گریا، ٤٢ فەرمووی: (خۆزگە بتزانیبووایە، تەنانەت تۆش، لەم ڕۆژەشتدا چ شتێک بۆ ئاشتییە! بەڵام ئێستا لەبەرچاوت شاراوە بووە... چونکە کاتی بەسەرکردنەوەت نەزانی.)

(مەتا ٢١) ١٠ کاتێ عیسا چووە ناو ئۆرشەلیم، هەموو شارەکە خرۆشا و وتیان: (ئەمە کێیە؟) ١١ خەڵکەکەش دەیانووت: (ئەمە پێغەمبەر عیسایە، خەڵکی ناسیرەی جەلیلە.) ١٢ عیسا چووە ناو پەرستگا، هەموو ئەوانەی دەرکرد کە کڕین و فرۆشتنیان لە پەرستگادا دەکرد، مێزی پارەگۆڕەوان و کورسی کۆترفرۆشانی وەرگێڕا. ١٣ پێی فەرموون: (نووسراوە، {ماڵەکەم بە ماڵی نوێژ ناودەبردرێت}، بەڵام ئێوە دەیکەنە {ئەشکەوتی دزان!})

١٤ نابینا و شەلەکان لە پەرستگا هاتنە لای و ئەویش چاکیکردنەوە. ١٥ بەڵام کاتێ کاهینانی باڵا و مالمەکان ئەم کارە سەرسوڕهێنەرانەیان بینی کە ئەو کردی و هەروەها منداڵانیش لە پەرستگا هاواریان دەکرد: (هۆسانا بۆ کوڕی داود)، ڕقیان هەڵستا **(لە مانای هۆسانایە، خودا ڕزگارمان بکە)** و ١٦ پێیان وت: (گوێت لێیە ئەوانە چی دەڵێن؟) عیساش پێی فەرموون: (بەڵێ، ئەی قەت نەتانخوێندۆتەوە: {لە زاری منداڵان و شیرەخۆرانەوە ستایشت بۆ خۆت داڕشتووە}؟

١٨ کاهینانی باڵا و مالمەکان گوێیان لێبوو، بیریان دەکردەوە چۆن لەناوی ببەن، چونکە لێی دەترسان لەبەر ئەوەی هەموو خەڵکەکە لە فێرکردنەکانی سەرسام ببوون. (مارقۆس ١١: ١٨)

(یۆحەنا ١٢) ٢٣ عیساش وەڵامی دانەوە و فەرمووی: (کاتی شکۆدارکردنی کوڕی مرۆڤ هاتووە. ٢٤ ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، دەنکە گەنم ئەگەر نەکەوێتە ناو زەوی و نەمرێت، بە تەنها دەمێنێتەوە. بەڵام کە مرد، ئەوسا بەرهەمی زۆر دەدات...

٢٧ (ئێستا دڵم پەشۆکاوە، چی بڵێم؟ (باوکە لەم کاتە ڕزگارم بکە)؟ نەخێر بەڵام من بۆ ئەم کاتە هاتووم. ٢٨ باوکە، ناوت شکۆدار بکە!) جا دەنگێک لە ئاسمانەوە هات: (شکۆدارم کردووە و شکۆداریشی دەکەمەوە.) ٢٩ بۆیە خەڵکەکەی ڕاوەستابوون و گوێیان لێبوو، وتیان: (هەورەتریشقە بوو!) هەندێکی دیکە وتیان: (فریشتەیەک قسەی لەگەڵ کرد.) ٣٠ عیسا وەڵامی دایەوە و فەرمووی: (ئەم دەنگەی هات بۆ من نەبوو، بەڵکو بۆ ئێوە بوو. ٣١ ئێستا حوکمدانی ئەم جیهانەیە. ئێستا سەرۆکی ئەم جیهانە دەردەکرێت. ٣٢ کاتێ منیش لە زەوییەوە بەرز کرامەوە، ئەوا هەمووان بۆ لای خۆم ڕادەکێشم.) ٣٣ ئەمەی وت ئاماژەی دەکرد بەو مردنەی کە خەریکە دەمرێت.

با بۆ ساتێك لێرە ڕاوەستین. بینیمان عیسا چۆن چووە ناو ئۆرشەلیم، بەسواری گوێ درێژێك، و چۆن کۆمەڵە جولەکەکان ستایش و چەپڵەیان بۆی لێدا، و ویستیان بیکەنە پاشایان. بەڵام خەڵکەکە تێ نەگەیشت بۆچی عیسا هاتە ناو ئۆرشەلیمەوە. تەنانەت قوتابییەکانی عیسا نەیاندەزانی چی بەرەو ڕوودانە. هیوادار بوون عیسا خەڵکە جولەکەکە ڕزگار بکات لە دەسەڵاتی ڕۆمانییەکانی

دوژمنیان. بەڵام لەبەر ئەوە نەهاتبووە جیهانەوە. عیسا نەهاتبوو تاکو شانشینی ڕۆمانی لەناو بەرێ، بەڵکو شانشینی شەیتان لەناو بەرێ. ئەو نەهاتبووە خوارەوە تاکو ئەم جیهانە گەندەڵە بگۆڕێ، بەڵکو بۆ ئەوەی دڵی خەڵکی بگۆڕێ. بێ گومان، ڕۆژێك لە ڕۆژان عیسای مەسیح دێتەوە تاکو دادوەری خەڵکی جیهان بکات و جیهان بەدەست بێنێتەوە. بەڵام، کاتێ یەکەم جار هاتە جیهانەوە، هات تاکو وەك قوربانییەك بمرێ. ئەو هات تاکو نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە سزای گوناهەکانیان، وەك چۆن خودا بەڵێنی دا زۆر لەوە پێش لە ڕێگای پێغەمبەرەکانیەوە.

بەردەوام دەبین لە چیرۆکەکە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:

(لۆقا ١٩) ٤٧ ڕۆژانە **(عیسا)** لە پەرستگا خەڵکی فێردەکرد، کاهینانی باڵا و مالمەکان و ڕابەرانی گەل هەوڵیان دەدا بیکوژن. ٤٨ بەڵام هیچیان بۆ ئەنجامدانی نەدەدۆزییەوە، چونکە هەموو گەل پەیوەستی گوێ لێ گرتنی بوون.

(لۆقا ٢٠) ١ ڕۆژێکیان **(عیسا)** لە پەرستگا خەڵکی فێردەکرد و مۆژدەی دەدا، کاهینانی باڵا و مالم لەگەڵ پیران لەوێدا وەستان، ٢ پێیان وت: (پێمان بڵێ بە چ دەسەڵاتێک ئەمانە دەکەیت؟ کێ ئەم دەسەڵاتەی بە تۆ داوە؟) ٣ وەڵامی دایەوە: (منیش پرسیارێکتان لێ دەکەم. پێم بڵێن: ٤ لەئاوهەڵکێشانی یەحیا، لە ئاسمانەوە بوو یان لە مرۆڤەوە؟) ٥ لەناو خۆیاندا ڕاوێژیان کرد و وتیان: (ئەگەر بڵێین (لە ئاسمانەوە)، دەڵێت (بۆ باوەڕتان پێی نەکرد؟) ٦ بەڵام ئەگەر بڵێین (لە مرۆڤەوە)، هەموو خەڵکەکە بەردبارانمان دەکەن، چونکە دڵنیان کە یەحیا پێغەمبەرە.) ٧ وەڵامیان دایەوە کە نازانن لەکوێوەیە. ٨ عیساش پێی فەرموون: (منیش پێتان ناڵێم بە چ دەسەڵاتێک ئەمانە دەکەم.)

٩ دەستی پێکرد ئەم نموونەیە بۆ خەڵکەکە بفەرمووێ: (کابرایەک ڕەزێکی چاند و بە ڕەزەوانانی سپارد، ماوەیەکی زۆر گەشتی کرد. ١٠ لە وەرزی خۆی کۆیلەیەکی بۆ ڕەزەوانەکان نارد، تاکو لە بەرهەمی ڕەزەکەی بدەنێ، بەڵام ڕەزەوانەکان لێیان دا و بە دەستی بەتاڵ ناردیانەوە. ١١ کۆیلەیەکی دیکەشی نارد، بەڵام لەمەشیان دا و سووکایەتیان پێکرد و بە دەستبەتاڵی ناردیانەوە. ١٢ سێیەمیشی نارد، ئەمەیان بریندار کرد و دەریانکرد. ١٣ خاوەن ڕەزەکە وتی: (چی بکەم؟ کوڕە خۆشەویستەکەم دەنێرم، لەوانەیە ڕێزی بگرن.) ١٤ بەڵام کە ڕەزەوانەکان بینییان، تەگبیریان لەگەڵ یەکتری کرد و وتیان: (ئەوەتا میراتگر، با بیکوژین، تاکو ببینە میراتگر.) ١٥ جا بردییانە دەرەوەی ڕەزەکە و کوشتیان. ئیتر دەبێت خاوەن ڕەزەکە چییان لێ بکات؟ ١٦ دێت و ئەم ڕەزەوانانە دەکوژێت و ڕەزەکە دەداتە خەڵکی دیکە.) کاتێ گوێیان لێبوو وتیان: (خودا نەکات!) ١٧ ئەویش سەیری کردن و فەرمووی: (کەواتە ئەمەی نووسراوە چییە: {ئەو بەردەی وەستاکان ڕەتیان کردەوە، بووە بەردی قولینچک.}؟ ١٨ ئەوەی بەسەر بەردەکەدا بکەوێت تێکدەشکێت، ئەوەش کە بەسەریدا بکەوێت وردوخاشی دەکات.) ١٩ مالمەکان و کاهینانی باڵا هەوڵیان دا لەو کاتە بیگرن، بەڵام لە خەڵکەکە ترسان، چونکە زانییان لەو نموونەیە مەبەستی ئەوان بوو.


لەڕێگای نموونەی ڕەزەوانە خراپەکانەوە، عیسا ئاگاداری ئەوانەی کردەوە کە دەیانەوێ بیکوژن. لە مانای ئەم نموونەیە تێدەگەی؟ وەرگێڕانی زۆر زەحمەت نیە. لەم نموونەیەدا، پەروەردگار عیسا خودا بە خاوەن ڕەزەکە تەشبیە دەکات. و ڕەزی مێوەکەش بە نەوەی ئیسرائیل تەشبیە دەکات. ڕەزەوانە خراپەکانیش بە نیشاندەری سەرکردە ئایینیەکانی جولەکە دادەنێت. و خزمەتکارەکانیش کەوا خاوەن ڕەزەکە دیناردن بۆ بەروبوومی ترێ، کەوا ڕەزەوانەکان بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن، پێغەمبەرانن. و کوڕی خاوەن ڕەزەکەش، کەوا ڕەزەوانەکان کوشتیان، عیسای مەسیحە.

دەکرێ لەوە تێبگەین بۆچی کاهینەکان و مالمەکان زۆر تووڕە بوون. باش دەیانزانی عیسا دەربارەی ئەوان قسە دەکات! تێگەیشتن کە عیسا ئەوان لەگەڵ ڕەزەوانە خراپەکارەکان بەراورد دەکات کەوا خزمەتکارەکانی خاوەن ڕەزەکەیان هەراسان کرد، و لە کۆتاییشدا کوڕەکەیان کوشت. بەو شێوەیە عیسا ئەوانی تاوانبار کرد وەك ئەوانەی ووشەی پێغەمبەرانیان پشت گوێ خست، و ئەوانەی مەسیح،

کوڕی باڵادەسترین، دەکوژن. عیسا نەك تەنها نموونەکەی پێیان فەرموو، بەڵکو پارچەیەکی لەوەی نووسراوە لە زەبوورەکان دەربارەی ئەو هێناوە، و فەرمووی: (ئەو بەردەی وەستاکان ڕەتیان کردەوە، بووە بەردی قولینچک. ئەوەی بەسەر بەردەکەدا بکەوێت تێکدەشکێت، ئەوەش کە بەسەریدا بکەوێت وردوخاشی دەکات.) (لۆقا ٢٠: ١٧، ١٨ و زەبوورەکان ١١٨: ٢٢) بەو شێوەیە عیسا سەرکردە ئایینیەکانی ئاگادار کردەوە کە ئەو ڕزگاری دەری ئەوان ڕەتیان کردەوە و پلانی کووشتنیان دانا، لە کۆتاییدا دەبێتە دادوەریان!

لە وانەی داهاتوودا بەردەوام دەبین لەم چیرۆکە سەرنج ڕاکێشەی عیسا و ڕابەرە ئایینیەکان.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بیر لەوەی نووسراوی پیرۆز ڕایدەگەێنێ سەبارەت بە مەسیح: ئەو لە جیهاندا بوو، جیهانیش بەو بەدیهات، کەچی جیهان نەیناسی. (یۆحەنا ١: ١٠)



©

## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. بۆچی عیسا رووی خۆی چەسپاند تا بەرەو ئۆرشەلیم بڕوات؟

٢. ئەگەر تۆ بزانی لە شارێکدا خەڵکەکە دەیانەوێ ئازارت بدەن و بتکوژن، ئایا رووی خۆت دەچەسپێنیێ و بچیتە ئەو شارە؟

٣. لە مانای ئەم نموونەیە تێدەگەی؟

٤. کاتی یەکەم جار عیسا هاتە جیسانمەوە، هات تاکو وەك قوربانییەك بمرێ، ئەو هات تاکو نەوەکانی ئادەم رزگار بکات لە سزای کوتاهەکانیان، چۆن خودا بەلێنی زۆر لەمەوپیش لە رێگای پێغەمبەرەکانیەوە کەواتە زانیت پەیامی عیسا چی بوو؟